# خراپترین کەس لای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو پیاوەیە کە دەچێـتە لای خێزانەکەی پاشان نهێنیەکانی بڵاو دەکاتەوە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خراپترین کەس لای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو پیاوەیە کە دەچێـتە لای خێزانەکەی (جیماعی لەگەڵدا دەکات) پاشان نهێنیەکانی بڵاو دەکاتەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە خراپترین بوونەوەر لای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا کەسێکە ئەم جۆرە خیانەتە بکات، ئەویش ئەوەیە کە نهێنیەکانی ژیانی هاوسەرگیری ئاشکرا بکات بۆ خەڵکی لە کاتێکدا کە دەبێت تەنها ژن ومێرد پێی بزانن وکەسی تر پێی نەزانێت، وئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاشکرا کردنی پەیوەندی سەرجێی وچێژوەرگرتن لە نێوان ژن ومێردا و وەسفکردنی وردەکارییەکانی ئەو بابەتە بۆ خەڵکی تر حەرامە، وئەمیش هەرشتێک دەگرێتەوە بووترێت یان بکرێت لە لایەن ئافرەت یان پیاوەکەوە لە کاتی چێژ وەرگرتن وسەرجێی کردندا. وباسکردنی تەنها وشەی سەرجێی کردن (جیماع کردن) ئەگەر سوود وپێویستیەکی تێدا نەبێت ئەوا مەکروهە؛ چونکە پێچەوانەی ڕەوشتە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ئەوەی باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەیە؛ ئەوا با قسەی خێر بکات یان بێدەنگ بیت)، وئەگەر پێویست بوو باسی وشەی سەرجێی بکرێت ئەگەر سوودێکی تێدا هەبێت وەکو ئەوەی لای دادوەرێک یان موفتیەک باسی بکات بەهۆی ئەوەی خێزانەکەی سەرجێی لەگەڵدا ناکات یان ئەوەتا یەکێکیان سکاڵا لەسەر ئەوەی تر بکات بەوەی لاوازە بوو لە سەرجێی کردندا یان بەو شێوەیە ئەوا دروستە ومەکروهی تێدا نییە چونکە بەرژەوەندیەک هەیە لێرەدا وسونەت ئاماژەی بۆ کردووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3328